بەرپرسێک: لە بوومەلەرزەکەی ژاپۆن 50هەزار خانوو وێران بوون و هەڵگرتنەوەی پاشماوە دوو ساڵی پێویستە



بوومەلەرزە بەهێزەکەی 1ـی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە ژاپۆن، پاشماوەی زیاتر لە 2.4 ملیۆن تەنی لەدوای خۆی جێهێشتووە و بەپرسانی ئێو وا تەشدەن ماوەی دوو ساڵیان بۆ پاککردنەوەی ناوچە زیانپێکەوتووەکان پێویستە.

هیرۆشی هاسی، پارێزگاری ئیشیکاوا رایگەیاند، بەهۆی ئێو بوومەلەرزە بەهێزەی سەرەتای مانگی رابردوو لە ناوچەی نۆتۆی دا، 50 هەزار خانوو وێران بوونە و پرسەی لادانی پاشماوەکانیش ماوەی دوو ساڵی دەوێت.

لە 1ـی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، بوومەلەرزەیەک بە گوێی 7.6 پلەی ڕیختەر، چەند پارێزگایەکی ناوەندی ژاپۆنی هەژاند و زیانێکی زۆری بە ناوچەکە گەیاند.

پارێزگاری ئیشیکاوە ئاماژەی بۆشکرد، چارەسەرکردنی پاشماوەی ئێو بوومەلەرزەیە یەکێکی دیکەیە لە کێشکان کە قەبارەکەی بەرامبەر پاشماوەی حەوت ساڵی ناوچەکەیە. هەروەها پاشماوەی بوومەلەرزەکەی

شاری سوزە کە زەرترین زیانی پێگەیشتووە، قەبارەکەیە دەگاتە پاشماوەی 132 ساڵی شارەکە.

بەگوێرەی پێشبینی بەرپرسانی ژاپۆنی، هەڵگرتنەوەی پاشماوەی بووملەرزەکە لە سەرجەم ناوچەکە، ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی دەوێت و لە مانگی ئاداری 2026 کۆتایی دێت.

بەهۆی بووملەرزەکەوە زیاتر لە 240 کەس گیانیان لەدەستدا و 11 کەسی دیکەش بەسەروشوێنن، هاوکات 13.9 هەزار کەسیش تاوەکو ئێستا بەهۆی وێرانبوونی ماڵەکانیان پەنایان بە سەنتەرەکان بردووە و لە پارێزگای ئیشیکاوا 38 هەزار خێزان بێ ئاو و 1800 خانووش بێ کارەبان.